# شەونم

هۆنراوەی (86)

دانی کە چیست دولت دیدار یار دیدن

دەوڵت چیە دەزانی دیداری یار دینێ
کۆڵانی بۆ گەدایی نەدرێ بە مڵکی چینێ
لە گیان تەما وەلانان هاسان و سەهلە دیومە
ئەمما لە یاری گیانی حەستەم کەسێ وەبینێ
پێوەم کە بچمە باغی وەک خونچە بەو دڵی تەنگ
تاکوو لەوێ بە چاکی فێر بم کراس دڕینێ
تاوێکی وەک کزەی با بدوێم لەگەڵ پەڕی گوڵ
تاوێکی دی لە بولبول ببیەم سوڕی ئەوینێ
ماچکردنی دەمی یار نەدەی لەدەس هەوەڵ جار
نەک بی لە ئاخری دا تووش دەست و لێو گەزینێ
سوحبەت بە نرخە چونکە لەو مەنزڵی دووڕێگا
کاتێکی لێک جیا بووین کێ یەکتری دەبینێ
پێم وایە شاە یەحیا نەیماوە بیری حافز
خوایە وەبیری بێنی دەروێشی خەرقە پینێ

حافزی حەقیقی